# مەستی تۆم و
# بە تۆ، ئەوینم لێ دەتکێت

خەبات عارف

تم التحميل من منتديات ستار سات العربية
للمزيد زوروا موقعنا www.star7arab.com

بۆ: شەراب
بۆ تۆ و بۆ هەموو ئەو ژنانەی پێش ئەم شیعرانە خۆشیان ویستووم و ئەو ژنانەیش دوای ئەم شیعرانە خۆشم دەوێن.

١

ڕەنگی شەرابەکەی دەستتی لێوە دەتکێت،
دەنگی دوورت.
نە دوا نۆشی دڵ و گیانتە، پێش مەرگی من،
نە دوا نەوای کۆچی سوورت.

٢٠١٢/٩/٤

## ٢

بۆڵەترێی دەنگت دەگرێ، ڕەزی بابڕدەڵەی پیریم.
گەر دڵتەنگی، پێکی بۆ منیش داکە،
تا ڕەنگێکی تێ بێتەوە،
دڵەی سەرڕێژ لە خەم و داڕێژی
بادەکەی جوانیم.

٢٠١٢/٩/١٠

## ٣

کە ڕەنگت لە ئەو جوانترە،
بە تۆی دەسپێرم دڵەکەم.
سەرم گەرمە و گوڵ دەگریەم،
لە دەستی گوڵڕەنگی تۆ بەڵام،
وەریدەگرم؛
جامی ڕووناکیی
گۆڕەکەم.

٢٠١٢/٩/١٣

## ٤

تۆ پێم دەڵێیت:
"تۆ دڵی خۆت بە ئەو داوە و
بە سەر چوویت!"

ئەمیش دەڵێت:
"لێوت بنێرە سەر لێوم،
خەمت نەبێت، ئەوەی قەت دڵی نەشکاندوویت،
هەم لەمدیو و هەم لەودیویش،
چلچرای سەری هەڵگرتوویت،
تەنیا منم."

٢٠١٢/٩/١٥

## ٥

بۆ هەر کوێ بڕۆیت کە دێم و
ماڵت پڕ دەکەم لە خۆم و
خۆتیش لە خۆم.

٢٠١٢/٩/١٦

## ٦

تۆ کە هاوڕێیەکی کەمڕەنگیت،
نەرمونیان سەرت بنێرە سەر دڵم و
دەنگ و ڕەنگم بخۆرەوە و
ببە بە من!

٢٠١٢/٩/١٦

## ٧

بۆ: هورمز

شەو درەنگە و
من نیوەمەست و تۆیش،
نە قورئانت لە سنگدایە،
نە ئینجیلت لەسەر سەرت هەڵگرتووە و
نە تەورات بەئاگای هێناویت.
منم لە دەرگات دەدەم و دەمناسیەوە،
دەرگایش هەمیشە وەک دڵت کراوەیە و
هێندە نابات، بەو ئاوە پیرۆزەی دەستت،
تاریکاییم دەکەیتەوە،
بە میوانی ڕووناکایی.

٢٠١٢/٩/١٦

هورمز: یەکێک لە مرۆڤە بەڕێزەکانی گەڕەکی "گاوران"ی سلێمانی بوو.

## ٨

لێوت بێنە و
تەڕتری کە لێوی ئاڵی خەمەکانت.
لە من بەس تنۆکی جوانیت لێ دەپرژێ و
بەر لە مەرگیش،
چەند تنۆکێ
پەشیمانی.

٢٠١٢/٩/١٨

## ٩

ئەگەر تۆیش وەکو من، یەکێک دەبوویت،
لەوانەی بۆ قومێک ئاو، بۆ پاروویەک،
خەریکە نیوەکەی تری،
هەڵدەلووشێت!
نە بیرت لە لای من دەبوو،
نە چاوت لە دەنگ و ڕەنگی من دەکرد و
نە ڕەنگت دەدا بە دەنگ و
نە دەنگت دەدا بە ڕەنگم.
بمبوورە، هاوڕێم؛
هاوڕەنگەکەی شەوانی تەنیایی و
هاودەنگەکەی هەمیشەییم!

٢٠١٢/٩/٢٠

## ١٠

نە دەمم گۆ دەکات و
نە سەرم گوڵ دایپۆشیوە.
لە کوێیت!؟ دەمم بە قسەی خۆش ڕابێنیت و
خۆت لەنێو سەرما بڕوێنیت،
کە خۆت گوڵیت.

٢٠١٢/٩/٢٠

## ١١

ئێستا چاوم تۆ دەڕێژێت!
دەستت بێنە و بمڕژێنە نێو دڵتەوە،
کە دڵی تۆیش پڕ لە چاوی دڵبەخوێنە،
وەک دڵی من!

پراگ
٢٠١٢/٩/٢١

## ١٢

گەدا نیم،
دەست لەبەر کەس پانکەمەوە.
ئەگەر بڕیارە تا مردن،
تاکە گەدای خوداکەی نێو دڵی خۆم بم،
خۆت لەنێو دەستما بڕوێنە!

پراگ
٢٠١٢/٩/٢٢

## ١٣

منم كە دەڕۆمەوە بۆ ماڵ، گوڵی دڵ!؟
یا تۆی كە بوویت بە چاودێر، دەستت گرتووم،
كوێرە چاوت و من دێری دەستی تۆم.

پراگ
٢٠١٢/٩/٢٢

## ١٤

ڕووی تۆ بەڵام،
تا پیرتر بێت، سوورتر دەبێت.

پراگ
٢٠١٢/٩/٢٣

## ١٥

که پاییزی تەمەن
داری بەسەر بەردیەوە نەماوە و
وا خەریکە بەرەو نادیارێ پەل دەکوتم.
وەک هەمیشە،
لەنێو سەرما دابگیرسێ.
با بێ هاوڕێ،
ئەوێ نەڕۆم.

٢٠١٢/٩/٢٦

## ١٦

شتێک لە چاوتا دەگرێت!
خۆت پێم بڵێ: "منم ئاگرم گرتووە!؟
یا ئومێد و عوسمان و صەلاح
کە دڵ پڕ گڕ، جێیان هێشتم!؟"

٢٠١٢/٩/٢٨

## ١٧

ئەگەر لە دەستم خوێن دەڕژێت،
خوێنی دڵی ئەم هاوڕێ هاوڕەنگ و هاودەنگەمە،
کە بێپەروا، دڵی خۆی تێکەڵ بە دڵم کردووە و
تارەکەی بوونم دەژەنێت!

٢٠١٢/٩/٢٩

## ١٨

کەژەوانی سوورکێوی تۆم و
لە سەربڵندیی تۆدا،
بەربووبەوەی
خۆم
دەبینم
بەرەو

لووتکەی
سەربڵندییت.

٢٠١٢/١٠/٢

## ١٩

به دڵ دێم
كه تۆ لەوێش
له بەخشندەیی و سۆزی
ئەم یارەم
بێبەشم
ناكەیت.

٢٠١٢/١٠/٦

وَسَقَهُمْ رَبُهُمْ شَرَاباً طَهُوراً

## ٢٠

تارم لە تۆدایە و
تۆ تاری دڵە تەنیا و
شکێنراوەکەی منی.
شەوێکە و ئەمشەو
بمژەنە،
ئەگەر دڵت
تارە!
تاراکەی سەر و
دڵ و
گیانم.

٢٠١٢/١٠/٦

## ٢١

جاران
بە دە ماچیش
مەست
نەدەبووم و
ئێستا

بە دوو ماچت
مەستی و
ئەوینم
لێ دەتکێت!

چ ڕازێکە
لێوی تۆ و
ڕوو لە ئاوابوون
گوڵی من!؟

٢٠١٢/١٠/٩

## ٢٢

به دەستێک
دەبەخشیت و
بە دەستێک،
دەستێنیتەوە.
ببوورە هاوڕێم،
کە تۆش جارنا،
لە "سیاسەت"
دەچیت!

٢٠١٢/١٠/١٠

## ٢٤

هێشتا
گوڵێکی سوورم
پێ ماوە،
گوڵی من.

سەیرم مەکە، بە تۆی نادەم.

کێ دەزانێت
کام شەوی تار،
بە کام تارای سپیدا،
هەڵیەواسم.

٢٠١٢/١٠/١٤

## ٢٥

پەنجەکانم گوڵ دەگرن بە لێوی تۆ.
چاوم بەڵام، چرۆی باران.
دڵیش پڕ لە قوڵپی گریان.

ئێستا کە تەنیا خۆمانین.

٢٠١٢/١٠/١٦

## ٢٦

یەک لە دوای یەکتر، دەکەون گەڵا.
وەک کەوتنی گەڵای پاییزێکی زووی تەمەنی
من، بۆ سەر گڵکۆی هەمیشە ڕازاوەی
هاوڕێکانم.
وەک نەختێکی تر
کەوتنی من،
ڕابوونی تۆ.

٢٠١٢/١٠/١٧

## ٢٧

خۆشخوانی خوێنی منیت و
ڕەنگی خوێنی من ڕەنگە، بگەڕێتەوە،
بۆ ڕۆژگارێک کە هێشتا ژن،
لە ڕەنگی دڵی تۆ دەچوو،
نەک لە ڕەنگی دەستی ئەو پیاوانەی،
ڕەنگی خوێنی خوشکەکانم،
تا بینەقاقای سوور کردوون!
بۆیە هێشتا،
خۆش بۆت دەخوێنم و
تۆیش خۆشخوانی هەمیشەییمیت،
گوڵ و دڵ!

٢٠١٢/١٠/١٩

## ٢٨

تەڵێ خەندە و
چڵێ نێرگزی گریانم، دەمێکە،
لە لات داناوە و ئێستا
کە هاتووم لە هەواڵیان دەپرسم،
کردووتن بە دوو چەپک و
بە دەستە پاکەکانت
بۆت ڕاگرتووم.

چ دەستپاکی تۆ و
چ دڵاوام من!

٢٠١٢/١٠/٢٥

## ٢٩

دەڵێیت:
"من بووم بە دەستبەندی تۆ و
تۆیش پابەندی جوانیی منیت و
چیی تر ناتوانیت بەبێ من،
هەنگاوێک هەڵهێنیت."

منیش دەڵێم:
"هەنگاوم بۆ چییە من،
کە هەموو هەنگاوەکان دەست و
پا بەندی جوانیی تۆن."

٢٠١٢/١٠/٢٦

## ٣١

چاوم لەسەر لێوت دەگرێت و خۆیشم
وا خەریکە لەبەر گڕی چاوی تۆدا دادەگیرسێم.
تێکەڵم بە وەکو ئاگر، با تەڕ ببم.
تێکەڵم بە وەکو باران،
با بسووتێم.

٢٠١٢/١٠/٣١

## ٣٢

که تۆ ئاوێنەی باڵانوێنی هەموو خۆشی و ئازارێکمیت، بە چی بە دڵی پڕی تۆ دەگاتەوە، دڵی خاڵیم!؟ بە چ دەنگێک خۆشبەختیی تۆ و بەدبەختیی خۆم بلاوێنم و چۆن ئەم دڵە بە بەرد بووە، بگەڕێنمەوە سەر باری دڵە نەرمەکەی مناڵیم!

٢٠١٢/١١/٢

## ٣٣

ڕەنگت لە دەنگی خەمی من دەچێت و
دەنگم لە ڕەنگی چاوی مەستی تۆ و مەستم
بە دەنگی خۆم و شاگەشکە بە ڕەنگی تۆ،
کە دڵنیام ڕۆژێک لە بەردەمی کەسێکدا
دامدەنێیت،
ڕێک وەکو خۆم خۆشی دەوێیت.

٢٠١٢/١١/٧

## ٣٤

تۆ
کزەی دڵ
هێزی ئەژنۆ و
ڕووناکایی چاوانمیت،
کە ئێستا
ئەو لێرە نییە و
بە تەنیا

هەر خۆم و
خۆتین.

٢٠١٢/١١/١٠

هیچم وت!؟

## ٣٥

هێندە تێکەڵ بە یەکتر بووبووین من و تۆ،
نە تۆ خۆتت لەنێو مندا دەناسییەوە و
نە من لەنێو تۆدا خۆم و

خۆم.

٢٠١٢/١١/١٧

# ٣٦

بۆ: تارا

گوڵەستێرەیت و
چاوم لێیە
لەگەڵ شنەی شەوبادا
دێیت

بۆ تاوێک
لەسەر سەرم
لەنگەر دەگرێت و
لەپڕ،

سەرم
لە کڵپە دەگریت و
لەشیشم
لە بۆنی باران

٢٠١٢/١١/١٨

ئەگەر لە دڵم، لە مەرگی خۆت، دەپرسیت!
دەمبەخوێنن، گورگی ئەوەی ڕابورد و نەیکوشتم،
ئەوەی ئێستا دانی لە تۆیش گیرە، ئەوەیش کە دێت
و هەر کەسێک کە خۆشم ویستووە،
هەرکەسێکیش کە بڕیارە خۆشی بووێم و
جێیەک لە دڵی خۆیدا بۆ منیش بکاتەوە،
بە گورگخۆران دەسپێرێت.

٢٠١٢/١١/٢٢

## ٣٨

پشکۆیەکم لەسەر دڵم هەڵگرتووە،
بە تەنیا هەر بە تۆ و بۆ تۆ گڕ دەگرێت و
هەر بە خۆیشت دەکوژێتەوە.
تۆ، کە هاوڕەگی ئاویت.

٢٠١٢/١١/٢٥

## ٣٩

### دژەشیعر

بۆ ئەوەی خۆت بناسیت و بناسیتەوە،
بە تەنیا لەنێو خۆتدا بە دوای خۆتدا بگەڕێ،
تۆ هەرگیز لە دەرەوەی خۆت نیت!

٢٠١٢/١٢/١٨

## ٤٠

ئەو بە جێی خۆی و منیش پیرێکی دڵ پڕ لە خەون،  چییە ئێستایش هەر بە ماچی لێوی تۆ جوان دەبمەوە و بە باوەشی تۆ مناڵ!

٢٠١٢/١٢/٧

## ٤١

ئاخر تۆ لە خەمی بەربوونەوەی دوا گەڵا و لە پەژارەی ئەو دوا مناڵەی لە شەڕی دنیاخۆراندا دەسووتێت و لە ئازاری بەلاداهاتنی دوا چڵە نێرگز و کوشتنی دوا خوشکتدا لەسەر شەرەف، لە خەمی پیسبوونی دوا چۆڕ ئاو و توانەوەی دوا کلووەبەفر و لە ژانی ڕاپێچکردنەوەی براکەت بۆ دوا شەڕی ناوبەتاڵانی ناوگەڵپڕ، لە کسپەی شکاندنی دوا چڵە مێو و دەستکەنەکردنی خەونی خوشکەزاکانت بە دەستی مفتەخۆرانی داوێنتەڕ، لەتاو نەڕە و شیڕەی ئەوانەی ڕەش دەخوێنن و لە ماناپرسین تەریون، نەک ناوی من، نەک ڕەنگی من و دەنگی من، ناوی خوایشت بیر چووەتەوە.

٢٠١٢/١٢/٢٢

*بۆ ستایش و ڕێزنان لە پێتی (و)!*

## ٤٢

پەلەت نەبێت، درەنگ نییە هێشتا،
بۆ ڕاکردن بەرەو ڕووی تۆ،
بۆ ڕژاندنی دوای پێکی
پڕ لە عەشقی بەردەمی تۆ و
نێو دڵی من!

٢٠١٢/١٢/٢٥

## ٤٣

ملیشم بشکێت ئەم سەهۆڵبەندانە سوورەی تۆ هەر دەبڕم، چون لێرە سەربەرزترینم.

٢٠١٢/١٢/٢٨

٤٤

من و تۆ و
دەنگی دووری ئەو،
بەرەو تازەی کۆن
کۆنی تازە!

٢٠١٢/١٢/٣١

ڕێک دوو ساعەت و نیو بەر لە ٢٠١٣